هاتووچۆی سەران: لە رووداوێکی هاتووچۆدا لە نزیک پردی جوندیان سێ کەس بریندار بوون

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سەران رایگەیاند، لە رووداوێکی هاتووچۆدا لە نزیک پردی جوندیان سێ کەس بریندار بوون.

ئەمە شەممە ٢٤ـی ئایاری ٢٠٢٥، بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سەران بڵاویکردەوە، رووداوێکی هاتووچە لە نێوان بارهەڵگرێک و ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاپ دەردا رووی داوە و بەهۆیەوە سێ کەس بریندار بوون.

وتیشی، داوا لە شوفێران دەکەن پابەندی خێرای دیاری کراو بن بە سەلامەتی هەموو لایەک.

ئەوەش لە کاتێکدایە، دوا نموونەی ئەمەش لە سنووری پێنجوێن ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر وەرگەڕا و بەهۆیەوە شۆفێرەکەی گیانی لەدەستدا.